## دائرةالمعارف بزرگ اسلامی

لە ناو قامووس و ئەنسیکلۆپێدیا فارسییەکاندا ئەم کتێبە بایەخی زیاتری داوە بە زانیاریی سەبارەت بە بۆکان و نزیکەی دوو لاپەڕەی بۆ تەرخان کردوە:

ناوی شارەکە لە وشەی بووک وەرگیراوە بە واتای "وەوی"، کێوی تەرەغە ٢،٦٧٠ مەتر بەرزە، سەرجەمی شارستانەکە (بە دێهاتەوە) ٢،٤٥١ کیلۆمەتری چوارگۆش بەرینە، لووتکەی کێوەکانی تر بریتین لە: کەڵتەگە، تولکە، چرش، بەردەزەرد و ناڵەشکێنە. هۆزی دێبوکری، مەنگوڕ[؟] و فەیزوڵڵابەگی لێ دەژین [دەبوایە گەورک لە جیاتی مەنگوڕ بگوترایە].

کانی "خاکی نەسووتێن"ی لێیە، گەنمی باشی لێ بەرهەم دێت، لەساڵی ١٣١٦[١٩٣٧] دا خرایە سەر شاری مەهاباد و و لە ساڵی ١٣٦٨[١٩٨٩] دا لێی جیا بوەوە و بوو بە شارستان. مێژووی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی زایینی [کە ئەوەش راست نییە و لای کەم بە دوو هەزار ساڵ پێش ئەویش شوێنی ژیانی مرۆڤ بوە].

کتێبەکە دواتر دەڵێ کەونارایی قەڵایچی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٨٠٠ ساڵ پێش ئێستا و بەرپەرچی چوار دێڕ سەرەوەتری خۆی دەداتەوە. نووسراوەی گوندی قەڵایچی بە خەت و زمانی ئارامی کۆنە. واهەیە بۆکانیش لە دەوروبەری ئەو ساڵەی وا ئاورگەی شێز [لە رۆژهەڵاتی شارەکە] کەوتە دەست عەرەبە موسوڵمانەکان، هەر هەمان ئەو سەردەمە فەتح کرابێت کە ئەویش ساڵی ٢٢ی کۆچی /٦٤٣ی زایینیە، واهەیە ناوچەکە لە سەدەی ٩ی کۆچییەوە نیشتە جێی خەڵک بووبێت.

کتێبەکە باسی زیاد لە ٨٠٠ پارچە ئاوایی سەردار سەیفەددین خان دەکات.

دائرةالمعارف بزرگ اسلامی، جلد سیزدهم، زیر نظر کاظم بجنوردی، ناشر: مرکز دائرةالمعارف بزرگ اسلامی، تهران ١٣٨٣[٢٠٠٤]